# پرێنتەری قاوەش بەرهەم هات




قاوەگرتنەوە ئـەوەی  فاڵچییەکان دەیگرنەوە هەموومان دەیزانین، وێنەکێشان لەسەر قاوە و شیریش بەرلەوەی ئامێرێـك هەبێت لەلایـەن هونەرمەندانـی بەتوانا دەکرا، ئێستا کۆمپانیایەك هاتووە ئامێرێکی بەرهەم هێنـاوە بـە ئاسـانی وێنەکانتان لەسـەر قـاوە چاپ بکات. ئامێری pipple maker لەراستیدا پرێنتەرێکی سێ ڕەهەندییە کە دەتوانێت وێنە، دەق تەنانەت وێنەی شـێوەکاریش لەسـەر قـاوە پرێنت بـکات. ئامێـری ناوبراو لەبـری حیبـر پـۆدرەی قـاوەی تێدەکـرێ، کارکـردن بـەم ئامێرە ئاسـانە تەنیا ئەوەندە بەسـە وێنەیەك دیاری بکەی و کۆپێك قاوەی لەبەر دابنێ ئیدی لە ماوەی دە چرکە وێنەکە دروست دەبێت.













# ماوسێکی گەیم شاشەی تایبەت بەخۆی هەیە

ئەوانەی ئۆگری یاری و گەمەی ئەلکترۆنین دەزانین بۆ گەیم کردن پێویستی بە کۆمپیوتەری بەهێز و ئامێری بەهێز لـە بـواری سـوفتوێر هاردوێرەوە هەیە. ماوسـیش یەکێکە لە ئامێـرە گرنگەکانی کۆمپیوتەر ئەگەر گەیمی ئەلکترۆنیش بکەی پێویسـتت بە ماوسـی تایبەتی هەیە. ماوسی جۆری rival ٧٠٠ وەك هەموو ماوسێکی دیکەیە، بەڵام ئەوەی جیای کردۆتەوە لە ماوسـەکانی دیکە بوونی شاشـەیەکی LEDیە. شاشەکە کەوتۆتە لای چەپی ماوسەکە. بەهۆی شاشەکەوە هەم زانیاری تایبەت بە ڕێکخسـتنی ماوس و هەم زانیاری تایبەت بە گەیمەکان نیشـان دەدات. بۆ نموونە دەنووسـرێت لـەو یارییـەدا چەند نەیاری خۆت لەناو بـردووە، کاراکتەری یارییەکـەت لـە چ ئاسـتێکدایە. تایبەتمەندییەکـی گرنگی ماوسەکە ئەوەیە کە لەیزەرەکەی بە ویستی بەکارهێنەرەکەی دەگۆڕدێت.

# کیبۆردێک بە دیزانێ



هەرچەنـدە مۆبایـل تـا رادەیـەك شـوێنی کۆمپیوتـەری گرتۆتـەوە، بـەڵام هەرگیـز ناتوانێـت کارایی کۆمپیوتەری هەبێت، چونکە بە ئاسـانی ناکرێـت بەهـۆی کیبۆردی مۆبایلـەوە تایب بکەی.. کیبۆرد ئامێرێکی گرنگی کۆمپیوتەر دێتەژمار، بەبـێ کیبـۆرد هیچ سـوودێك لە کۆمپیوتـەر وەرناگیردرێت.. کیبـۆردەکان سـتایل و کاراییـان جۆراوجۆرە، بـەڵام هەموویان یـەك ئـەرك ئەنجـام دەدەن ئەویـش بـە داگرتنـی دوگمەکانی




# بەهێزترین كۆمپیوتەری گەیمی شاشە چەماوە

كۆمپیوتەر بەتایبەتی ئەو كۆمپیوتەرانەی هی كۆمپانیای Mac نین، لە چەند پارچەی جیا پێكهاتوون، بەڵام چەند ساڵ لەمەوبەر كۆمپیوتەری یەك پارچەش بەرهەم هاتن كە بە All-in-one ناسراوە، لە پیشانگای ساڵانەی CES ئەمساڵدا كۆمپانیای origin كۆمپیوتەرێكی خستەڕوو كە بە كۆمپیوتەری omni ناسراوە و كۆمپانیای بەرهەم پێیوایە ئەمە بەهێزترین كۆمپیوتەری یەكپارچەی شاشە چەماوەیە. شاشەی كۆمپیوتەرەكە زۆر تەنكە. كارتی گرافیكی ١٢ گیگابایتە. یەكەی لێكدانەوەی ٨ ناوەكییە و شاشەیەكی چەماوەی ٣٤ ئینجی هەیە. رامەكەی لە جۆری DDR٤ و ٣٢ گیگابایتە. پشتەوەی شاشەكە روونە و هەموو پارچەكانی دەبیندرێن.





# كەڤەرێكی ئایفۆن سیخوڕی پێدەكرێ


هەڵگرتنەوەی دەنگ بەشێوەیەكی نایاسایی رێگەپێدراو نییە، بۆ نموونە نیازت هەیە لەگەڵ یەكێك قسە بكەی و دەنگەكەی تۆمار بكەی، یان كەسێك حەزناكات وتووێژی نێوانتان تۆمار بكرێت، هەرچەندە لە یاساكانی ئەمەریكادا هاتووە بۆ رۆژنامەنووسان بۆ روونكردنەوەی راستییەكان دروستە دەنگ لە هەموو شوێنێك تۆمار بكرێت...

كۆمپانیایەك هاتووە كەڤەرێكی تایبەتی بە ئایفۆن بەرهەم هێناوە، كەڤەرەكە دیزانێكی سەرنج راكێش و جوانی هەیە و رەنگەكانی جۆراوجۆرن، مایكی هەیە لەگەڵ سپیكەر و كارتێكی میمۆری و بەمەبەستی خەزنكردنی دەنگە تۆماركراوەكان.

# ــــــكی سەرنج ڕاكێشەوە




بەكارهێنەر دەتوانێ بنووسێ.. لەلایەن كۆمپانیای EC Technology كیبۆردێك بەرهەم هاتووە لە چوارچێوەیەكی لە ئەلەمنیۆم دروستكراوە، دەتوانرێت بە ئاسانی لە گیرفاندا هەڵبگیردرێ، كیبۆردەكە دەنووشێتەوە و بەهۆی بلوتوسەوە هەم لە مۆبایل و هەم لە كۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت..



# هەستەوەرێک دەتوانێت ئۆتۆمبیلەکان پێشکەوتووتر بکات





کۆمپانیای ئۆتۆمبیل سازی فۆرد هەستەوەرێك واتە ئامێریکی بچووکی بۆ ئۆتۆمبیلەکان بەرهەم هێناوە کەوا لە ئۆتۆمبیل دەکات زۆربەی کارەکان ئۆتۆماتیکی ئەنجام بدات. هەستەوەرەکە بەقەد کۆپێکی قاوە دەبێت و بە Velodyne ناسراوە. بەڕێوەبەری کۆمپانیای فۆرد دەڵێت ئامێرێکە بچووکە دەتوانێت لە ئاوێنەی ئۆتۆمبیلەکەدا جێگای بێتەوە، بەڵام بەرادەیەك بەهێزە دەتوانێت هەتا مەودای ٢٠٠ مەتری بخاتە ژێر چاودێری.. سینسۆرەکە کە بە (ultra puck)یشی پێدەگوترێت لە یەك ساتدا نەخشەیەکی سێ ڕەهەندی لە هەموو دەوروبەر دەگرێت و وا لە ئۆتۆمبیلەکە دەکات بەبێ شۆفێریش بڕوات و گرفتیش نەیەتە پێش.

# ڕۆبۆتێک زۆربەی ئەرکەکانی ماڵەوە ئەنجام دەدات



جیهان بۆتە جیهانی ڕۆبۆت، ئیدی وای لێدێ لە بری ڕاگرتنی کارکەری فیلیپینی و بەنگلادیشی، ڕۆبۆتێك بکڕن و ئەرکەکانی ماڵەوەی پێ ئەنجام بدەن، (بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ڕەنگە لە نیوەی کارەکانی بوەستێ، چونکە شەحنی دادەبەزێ و کارەباش نییە!!) کۆمپانیای ئەنتەل و کۆمپانیای segway لە پیشانگای کەلوپەلی ئەلکترۆنی ناسراو بە CES هاوەربۆرد (Hover butler)ێکیان خستەڕوو، کە لەگەڵ ئامێری هاوەربۆرد جیاوازێکی زۆری هەبوو.. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر (هاوەربۆرد) ئامێرێکە کە لە شێوەی سکۆتەر دەچێت و بەکارهێنەر دەچی لەسەری دادەنیشێت و ئەویش بۆ شوێنی مەبەستی دەگوازێتەوە لە مەودایەکی زۆر کەمدا، زیاتر لە شوێنە گشتییەکان وەك پارك و فرۆکەخانەکان سوودی لێدەبیندرێت.. هاوەربۆردە ڕۆبۆتەکەی دوو کۆمپانیای ناوبراو بە داگرتنی دوگمەیەك تەواو دەبێتە ڕۆبۆتێکی هۆشمەند. ڕۆبۆتەکە شاشەیەکی لە پێشەوە هەیە دەتوانێت گرتەی ڤیدیۆیی نیشان بدات و کە ڕۆیشتی دەستت بۆ ڕاوەشێنێ و ماڵئاواییت لێبکات و لەکاتی پێویستدا قسەت لەگەڵ بکات، کاتێکیش زەنگی ماڵەوە لێدەدرێت بچێت دەرگای بکاتەوە. بۆ هەر شوێنێکیش بڕۆی بەدوات بکەوێ دەنگی بەکارهێنەرەکەی دەناسێ و ڕوخساری ئەندامانی بنەماڵە دەناسێتەوە.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن دەکرێت ئەو پەیامانەی کە لە فەیسبوك بۆم هاتوون یان ئەو پەیامانەی خۆم ناردوومن بەیەکجاری بسڕمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ سڕینەوەی پەیامەکان دەبێت ئەم هەنگاوانە بگریە بەر، لەسەرەتادا پەیامێك بکەوە، پاشان بچو بۆ بەشی OPTION ئەوکات دەستبکە بە سڕینەوەی پەیامەکان. بەڵام بەو هەنگاوە پەیامەکە ناسڕدرێتەوە بەڵکو دەڕوات بۆ بەشی ئەرشیف.. بەڵام ئەگەر بتهەوێ بەیەکجاری پەیامێك یان پەیامەکان بسڕیەوە ئەوە پلاگینی Facebook Fast Delete Messages دابەزێنە بە هۆی ئەوەوە گشت پەیامەکان چ بە شێوەی تاك و چ بە کۆ دەسڕدرێنەوە... ئەم پلاگینە لە گوگلدا سێرچ بکە بە ئاسانی دادەبەزێت...



# باخچەیەک لە هەوادا

ئەوانەی فیلمی ئاڤاتاریان بینیوە دەبینن دارستانێك لە هەوادایە، ئێستا ئامێرێك بەناوی Air bonsai بەرهەم هاتووە کە بیرۆکەی ناو فیلمەکە دەکاتە راستەقینە، ئامێرێکە نەمام و گوڵی باخچەی ماڵەوە وا لێدەکات لە هەوادا بن بە دەوری خۆیدا بخولێتەوە.. پێشووتریش سپیکەرێکمان ناساندبوو کە لە هەوادا دادەنرا، چ باخچەکەو چ سپیکەرەکە لە موگناتیس سوود وەردەگرن. رەنگە پرۆژەی باخچەیەك لە هەوادا جێگای سەرنج و تێرامان بێت!

# پرۆگرامێک بۆ هاوبەش کردنی تۆڕی ئینتەرنێت

ئامێری رۆتەر ئەرکی ئەوەیە کە تۆڕی وای-فای دابەش بکات بەسەر کۆمپیوتەر و مۆبایل و ئەو ئامێرانەی سوود لە سیستەمی وای-فای وەردەگرن.. بەڵام رەنگە هەموو کات و سات ئامێری رۆتەر لەبەردەستدا نەبێت، لەکاتێکی وادا چەندین پرۆگرامی بە سوود هەیە کە ئەرکیان دابەشکردنی تۆڕی وای-فایە.. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی SeventhGate یە. ئەم پرۆگرامە دەتوانێت لە رێگای ئەکسس پۆینت، ئینتەرنێت دابەش بکاتەسەر ئامێرەکانی دیکە. بۆ ئەم مەبەستە سوود لە کارتی تۆڕی وایەرلەیسی کۆمپیوتەرەکە وەردەگرێت.. بەکارهێنانی ئامێرەکە زۆر ئاسانە، بۆ ئەم مەبەستە تەنیا ئەوەندە بەسە ناوی تۆڕ و لەگەڵ کۆدی نهێنی دانێی. دوای ئەوەیە پرۆگرامەکە تۆڕەکە دابەش دەکات.





# سایتێک بۆ گۆڕینی هەرجۆرە فۆرماتێک

زۆرجاران نیازت هەیە فایلێکی word بکەی بە فایلی PDF بەڵام لەسەر کۆمپیوتەرەکەت پرۆگرامێك نییە ئەم کارە ئەنجام بدات، یان نیازت هەیە فیلمێك لە فۆرماتێکی دیکەوە بگۆڕی بۆ فۆرماتێکی دیکە، بەڵام پرۆگرامێك نییە ئەرکی گۆڕینەکە ئەنجام بدات، یان وێنەیەکت هەیە نیازت هەیە گۆڕانکاری لە فۆرماتەکەی دا بکەی.. بەگشتی هەر جۆرە فۆرماتێك.. سایتی cloudconvert.com ئەو سایتەیە کە دەتوانێت ٢١٤ فۆرمات بۆ یەکتر بگۆڕێت..